کورتە چیرۆك

# سەفەری ئیسحاق

خافێر ماریاس
لەئەڵەمانیەوە/ ئیسماعیل حەمەئەمین

هەموو تەمەنی خۆی بۆ هەڵهێنانی مەتەڵێك بەرسەربرد:
بـاوکی خۆشەویسـترین هاوڕێـی خۆی کەناوی ( ئیسحاق کوستاردۆی)بوو، لەعنەتێك، نابەڵەدیەك ، دوعالێخوێندنێکی خراپی بەدوواوە بوو.
ئـەو،( بـاوکی ئیسـحاق) ، کـاتی خۆی لە هافانا وەك عەسکەریەکی باڵای ئیسپانی خزمەتی دەکرد، ژیانی خۆی وەك عەسـکەریەکی سەرکەوتوو لەکوبا، هەمیشە لوتبەرزی وشانازیەکی پڕ هەیبەتی پێ بەخشی بوو، کوستاردۆی بیری لەوە دەکردەوە تاوەکو نەگاتە پەنجاساڵی ژن نەهێنێ...
بەیانیەك لەکاتی سواریدا سواڵکەرێك ڕێگەی پێدەگرێت و داوای خێری لێدەکات، کۆستاردۆی فەرامۆشی دەکات ودەیویست ئـەم بەیانـیە جـوان و ئەسپسـواریە بـەهۆی سواڵکەرێکەوە لەخۆی تێکنەدات، وویستی بەردەوام بێت، بەڵام سواڵکەرەکە بەتوڕەیـەوە ڕەشمـەی ئەسپەکەی گرت وپێیگووت : *(( تۆ و کوڕە گەورەکەت و کوڕەگەورەی کوڕەکەشت لەسەفەرێکی دوورە وولآتـدا دەمـرن ، هەرسێکتان پێـش ئـەوەی پەنجاساڵی تەواوکەن دەمرن و لەقەبریشدا خێر لەخۆتان نابینن..))* .
ئیسـحاق گوێـی بـەم قسانە نەداو گەڕایەوە بۆ ماڵێ ، لەکاتی نانخواردندا چەند نوکتەیەکی گێڕایەوەو و پاشان هەموو ئەو قسانەی بیرچۆوە کەسواڵکەرەکە پێیگووتبوو.
ئەمە لە ساڵی هەزار و هەشت سەدو حەفتاوسێ ڕوویدا ١٨٧٣، ئەو زەمەنە ( کوستاردۆی ) بیست ودوو ساڵ دەبوو.

* * *

لەسـاڵی هەزارو هەشت سەد و نەوەد وهەشتدا ١٨٩٨ کۆستاردۆی بوو بە باوکی حەوت منداڵ و لەپاڵ ئەمانەشدا گەیشتە پلـەکانی کۆمـاندۆیی.. کاتێـك زانی کەژەنـراڵ (شیلی Schley) سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە و حوکمی سوپای ئیسـپانی لەکۆتایدایـە و کوبـا لەبـەردەمی دەسەڵاتێکی دیکەدایە. بڕیاریـدا درێژە بەخزمەتی سەربازی نەدات لەژێر ئاڵایـەکی دیکـە کـەئاڵای ئیسپانیا نیە. بۆ ئەو کەسەریەکی گەورەبوو ئاڵایەکی دیکە ببینێت جگە لەئاڵای ئیسپانی لە بـەندەری کوبـا بشنێـتەوە، بۆ ئەو زۆر گران بوو ئەو بڕیارە بدات ، بەڵام چار نەبوو جگە لەبەجێهێشتنی کوبا نەبێت، ئەو کوبایەی تێدا لەدایکبووە و خۆشەویسترین نیشتمانێتی. هەرچەندە کۆستاردۆی هەرگیز کوبای بەجێنەهیشتبوو بەڵام تازە بڕیاری دابوو هەموو سامان وماڵی بفرۆشێت و ئەم دوورگەیە جێبهێڵێ و بەکەشتی بەرەو ئیسپانیا ڕەوبکات .
ئـەو ماوەیەکی زۆر بوو لەژێر نەخۆشیەکی پیسدا دەیناڵاند ، بەڵام چاری نەبوو جگە لە جێهێشتنی ئەو زەویەی لەسەری لەدایکـبووە... دوای هەفتەیەك سەفەر بەنێو دەریادا، لەکاتێکدا لە بەشی پێشەوەی کەشتیەکە خۆی بەسەر شیشەکاندا دابـوو، لەبیرکـردنەوەیەکی قوڵـدا نقوومـبوو بوو، هەرلەوکاتەدا هەستی بەبروسکەیەك کرد هەموو لەشی دەهێنێتە سەر موچـڕکەیەکی بـەئازار ، لەحەژمـەتا قـیژاندی ، ئـەوە دواقیژەی ترسناك و بەئازاری بوو.. لاشەکەشی لەسەر هەمان کەشـتی وبەمەراسیمێـکی سەربازی و تۆپ تەقاندنێکی ڕێزلێنان درا بەدەم شەپۆلەکانی دەریاوە .. هێشتا پەنجا ساڵی تەواو نەکردبوو کەدەریا و سەفەر قوتی دا.

***

کــوڕە گەورەکــەی کۆســتاردۆی ( ئیســحاق کۆســتاردۆی) کــاتی خــۆی لــە کوبا،لە ژێر چەتری دەسەڵات ورێنمایی باوکی لەسوپادا خزمەتی دەکرد، ئەویش وەك عەسکەریەکی سەرکەوتوو، وەکو باوکی، بەشانازیەوە لەئیسپانیا درێژەی بەژیانی خــۆی دەدا، زۆری نەخایــەند ئــەویش وەکو باوکی گەیشتە پلەباڵاکانی سەربازی ، بوو بە یاریدەدەری کۆماندۆ( فردیناند سیلڤیستر).

ئــەو هەر لەمەدرید دەژیاو هەرگیز سەفەری دووری نەکردبوو، لەماڵ دوور نەدەکەوتەوە، چونکە (ئیسحاق ) لەدوای مردنی بــاوکی ، لێپســراو و بەخێــوکەری خوشــك وبــرا بچــوکەکانی بــوو، ئەمــە هۆیەکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی بە پێی توانا لە مــەدریدی پایتەخــت دوور نەکەوێــتەوە، بــەڵام لەهــەزار و نۆســەد وبیســت ویــەکدا١٩٢١ کاتێــك لــە مەغریــب شۆڕشی عەبدولکــەریم هەڵگیرســا ، دەبوایــە ئیسحاق لەگەڵ کۆماندۆ فردیناد بەرەو شەڕ بەڕێ بکەون، کۆماندۆ فریدیناند کوڕە گەورەگەشی لەگەڵدا بوو. هەرسێکیان لەشەڕی (ئەنوال)دا، لەو کارەساتەدا لەناوچوون.

ڕووداوەکــە بەمــجۆرەبوو، کاتێك سوپای ئیسپانی لەلایەن (بەڕبەڕیەکانی) عەبدولکەریمەوە تۆزی بەحەودا براو لێك هەڵوەشــایەوە، ئیســحاق و کــوڕە گەورەکــەی کۆمــاندۆ فردیناند و کۆماندۆش خۆی ، لەم پەرش وبڵاوبونەوەی هێزەکانی سوپای ئیسپانیدا، بە ماشێنێکی بارکردنی سەربازیەوە لەناوچەیەکی دوور و چەپەك لەهێزەکانی دیکە دابڕان، کۆماندۆ بڕیــاریدا لــەگۆڕەپانی شــەڕ بمێنێــتەوە و ئیســحاقیش بەهــەمان شێــوە نەیدەویست گۆڕەپانی شەڕ جێبهێڵێ ، بەڵام بەهەردووکــیان توانــیان کوڕەگــەورە بخەنــە ســەرئەو بڕوایــەی کەبەماشێــنەکە ئــەم ناوچــەیە جێبهێــڵێ و خۆ لەمردن قوتاربکــات. ئیســحاق و ژەنــراڵ فردیــناند بەجووتەلــە گۆڕەپــانی شەڕ جێهێڵران، تەنانەت لاشەکەشیان نەدۆزرایەوە. ئــەوەی کەنیشــانە بــوو بــۆ ئیســحاق و دۆزرایەوە، دووربین و نیشانە سەربازیەکانی بوو، پێدەچوو ئیسحاق کۆستاردۆی و ژەنراڵ فردیناند بەتیرو کەوان پێکرابن.

ئیســحاق کۆســتاردۆی کــە لەبەرەکانی شەڕدا کەوت وگیانی لەدەستدا، تەمەنی خۆی نەدابوو لە پەنجاساڵی ، چل وپێنج ساڵ دەبوو ، لە پاش خۆی جگە لە ژنەکەی کەسی دیکەی لەدووی خۆی جێنەهێشت.

* * *

خۆشەویســترین هاوڕێی ( ئیسحاق کۆستاردۆی) هەموو ژیانی خۆی بۆ هەڵهێنانی ئەم مەتەڵە سەیرە تەرخانکرد ، لەخۆی دەپرســی : بۆچــی پێشبینی و دوعای سواڵکەرە نەگبەتەکە لە هەردوو ڕووداوەکەدا تەواو گیرابوو و بەدیهات و لەسێهەم بەشدا بەناتەواوی مایەوە؟ بۆچی ؟

کــوڕی ئیسحاق ، کوڕەزای کۆستاردۆ لەدایك نەبووە، ئیسحاق کەلەشەڕدا کەوت ،منداڵی نەبوو!!، خۆ بیرکردنەوە لەزۆڵێك بیرکــردنەوەیەکەی ناوازەیــە و لەگــەڵ لۆجــیکی سەیری دوعا و پێشبینیەکەدا ناگونجێت..خۆ گەر پێشبینی سواڵکەرەکە بەتەواوەتی بەدیــهاتبایە، ئەوا ئەو پێویستی بەوە نەدەبوو بەدرێژایی تەمەنی بیر لەو مەتەڵە بکاتەوە..

* * *

هاوڕێــکەی ئیسحاق لە پایزی تەمەنیشدا هەر بیری لەو مەتەڵە دەکردەوە، ڕۆژەکان بەخاوی و بێکاری و سستیەوە خۆیان ڕادەکێشــا، ئەویش هیچ کارێکی ئەو تۆی نەبوو جگە لەخوێندنەوەی (کتێبی پیرۆز ) نەبێت ، هەر خودا دەزانێ ئەو چەند جــار کتێــبی پــیرۆزی خوێــندۆتەوە!، ڕۆژێــك چەند دێڕێك لەکتێبی پیرۆز سەرنجی ڕاکێشا، لەوێدا نوسرابوو: *ئیبراهیم تەمەنی هەشتاو شەش ساڵ دەبوو کەلە هاجەرە ئیسماعیلی بوو* ..

( هاجــەر کوڕێکی بۆ ئیبراهیم هێنایە دنیاوە، ئیبراهیم ئەو کوڕەی لەهاجرە بوو بووی ،ناوی نا ئیسماعیل، ئبیراهیم ئەو کاتە تەمەنی هەشتاو شەش ساڵ بوو کە هاجرە ئیسماعیلی بوو ... کتێــبی پیرۆز / سفر التكوین / ئیسحاحی 15 16 . . . لەدەقە ئەسڵیەکەوە... وەرگێڕ )

پاشان چەند دێڕێکی دیکەی تەواوکاری چیرۆکی ئیبراهیم سەرنجی ئەوی ڕاکێشا ، لەکتێبی پیرۆزدا نوسرابوو: *ئیبراهیم تەمەنی سەد ساڵ بوو کە لەسارا ئیسحاق لەدایك بوو ..*

***( خـودا فەرمووی ئەی ئیبراهیم لەمەودوا ژنەکت بەسارای بانگهێشت مەکە بەڵکو بەسارا بانگی بکە، من پیرۆزی دەکەم و لەسـاراش کورێکت پێدەبەخشـم ،بـۆ ئـەوەی لەسارا میللەت وپاشاو گەلان بکەوێتەوە، ئبراهیم دەستی کرد بە پێکەنین و لەدڵی خۆیدا گووتی دەکرێ لەمنێکی سەدساڵ و سارایەکی نەوەدساڵ منداڵ لەدایك بێت.***
***(ئیبراهـیم گـووتی خۆزیـا خـودای گـەورە ئیسـماعیل لەژێر سایەی میهرەبانیدتدا گەورە دەبوو، خودا فەرموی لەسارای خێـزانت منداڵێك دەبێـت نـاوی دەنێـیت ئیسـحاق ، پـە یمانی خـۆم بەنەوەکانی ئیسحاق دەبەخشم ... سفر التکوین / ئیسحاحی ١٥ /١٦//١٨/١٩/٢٠ دەقە ئەسڵیەکە .. وەرگێر )***

هاوڕێکەی ئیسـحاق کۆسـتاردۆی بـیری لـەم ڕوداوانـەی نێـو کتێبی پیرۆز کردەوەو گەیشتە ئەو ئە نجامەی کە یاهوڤا ( Jehova *نـاوی خودایـە لە سفرالتکوین کۆندا ..وەرگێر*)، خودا، پێش ئەوەی ئیسماعیل لەهاجەر لەدایك بێت ، پێشبینی لەدایکـبوونی ئیسحاقی کردبوو!!، لەکاتێکدا سارا ئیسحاقی بوو ،ئیسماعیل سێزدەسالان بوو، بەمانای پێش سێزدەساڵ بەر لەدایکبوونی ئیسحاق خودا زانیوبە تی ئیسحاق لەدایك دەبێت.

هـاوڕێ خۆشەویستەکەی ( ئیسحاق کۆستاردۆی ) لەم مامەخولەیە سەری سوڕمابوو، بەقوڵی بیری دەکردەوە : ئەی کەواتە لـەم ماوەیەدا ئیسحاق لەکوێ بووە، دەبێت لەشوێنێکدا بوونی هەبووبێت، لە ساتی بانگهێشت و پێشبینیکردنیەوە تاوەکو کـاتی لەدایکـبوونی ؟ . هەردەبێـت لەشوێنێـك بـوونی هەبوو بێت، چونکە هەر تەنها خودا (یاهوڤا) پێشبینی و بوونی ئیسحاقی ئاشکرا نەکردووە، بەڵکو (سارا و ئیبراهیم ) یش پێش وەخت دەیانزانی کەئیسحاق لەدایك دەبێت..

ئـەو قوڵـتر بە پلـەکانی شیکردنەوەی ئەم مەسەلەیەدا دەچووە خوارێ و لۆجیکی ئەم چیرۆکی خەلیقەیەی پابەند دەکرد هەڵهێنانی مەتەڵەکەی خۆیەوە ، ئەو بەم شێوەیە بیری دەکردەوە:

کـوڕەزای کۆستاردۆی لەلایەن سواڵکەرەکەوە پێشبینی کرا، بەڵام لەدایك نەبوو، بوونی نەبووە، کەچی چ سواڵکەرەکەو چ کۆسـتاردۆی لە هەزارو هەشت سەد وحەفتاوسێ وە ١٨٧٣ دەربارەی کوڕی ئیسحاق زانیاریان هەبووە، بوونی ئەویان ئاشکرا کردووە ، کەواتە دەبێت لەوساتەوە بوونی هەبووبێت، لەشوێنێکی ئەم دنیایەدا بوونی هەبێت، بەڵام لەکوێ ؟!!

* * *

ئـەو بـیری دەکـردەوەو بڕیـاریدا دوا ڕۆژی ژیـانی لەگـەڵ ئـەم مەتەڵـە بەسەر بەرێت، ماوەیەکی کورتیش پێش مردنی بیرۆکەکانی خۆی لەسەر یەك لاپەڕە نوسیەوە، نووسیبووی :

مـن پێشـبینی مـردنی خـۆم دەکـەم ، دوا سـەفەری خـۆم دەستپێـدەکەم، بـەڵام چـیم لێدێـت؟، دوای مردن چیم بەسەر دێـت؟،بەرەو کـوێ دوا سەفەری خۆم دەکەم؟ ئایا بەرەو شوێنێکی تایبەت ملی ڕێ دەگرمەبەر ؟ .. لەبەرئەوەی ژیاوم، بۆیە سـەیری مـردن دەکەم . چونکە دروستبووم و ئێستاش لەژیاندام.. مردن وەك شتێکی ناتەواو و تێر نەبوو ناتوانێ هەموو شتێـك لەخۆیدا دابخات وکۆتایی بەهەموو شتێك بهێنێ، ناتوانێت ڕێگر بێت لەو شتانەی لەدەرەوەی ئەو بوونیان هەیە، ئـەو شتانەی مرۆڤ بیریان لێدەکاتەوە ، چاوەڕێیان دەکات،مرۆ دەبێت خۆی لەگەڵ ئەمانەدا ڕابهێنێ. ئەوانەی کەهێشتا بەشێـکن لەهـەموو ئەوشـتانە،لەئەوانەی لـەدایك نـەبوون، ئەوانـەی دروسـت نـەبوون و پێشوازیان لێنەکراوە. ئەوەی نەهاتبێـتە نێـوەوە ، ئـەوەی نەهاتبێت نێو نێوانەوە ،وەرنەگیرابێت و قبوڵ نەکرابێت، ئەوەیە کەزیاتر دەمرێت. ئەوەیە کـە بێپـسـانەوە ، بـەنادیاری و هیلاکـیەوە بەسەر ڕێگە تاڵە دەزولەیەکانی گریمانەکانەوە ڕێگە دەبرێت. من دژی ئەو نـیم، ئـەوەی پێشـوازی لێـنەکراوە،ئەوەی نەهاتۆتە نێو ناوانەوە، ئەوە ، ئەو تەنها کەسەیە کەنەنیشتمانی دەبێت و نەقەبریش..ئەوە ئیسحاقە کۆستاردۆیە ...

**خافێر ماریاس ١٩٧٨**




خافێـر ماریـاس   Javier Maras  لەسـاڵی ١٩٥١ لـە مـەدرید لـەدایك بووە . یەکێکە لەهەرە گرنگترین  ڕۆمانوس و گێـڕەوەی  ئـەدەبی ئیسـپانی هاوچەرخ، ڕەخنەگری  ئەڵەمانی ڕایخ ڕاینسکی  دەربارەی خافێر ماریاس دەڵێت [ ماریاس یەکێکەلە مەزنترین نوسەر لەجیهاندا کەتاوەکو ئێستا لەژیاندا بێت..] .

ڕۆمـانی (دڵـم زۆر سـپیە ) یەکێـکە لـەو ڕۆمانانەی کە نوسەری بەخوێنەران ناساند، دەبێت ئەوەش بڵێن پشتگیرکردنی ڕاینسـکی لـەم ڕۆماننوسە بووە هۆی ئەوەی لە ئەڵەمانیا و ئەوروپا  ڕۆمان وچیرۆکەکانی بازاڕێکی باشیان هەبێت، ئەمە جگەلەوەی ماریاس گرنگترین خەلاتی ئەدەبی لەئیسپانیای ولاتی دایك پێبەخشراوە ..

ماریـاس یەکێـکە لـەو نوسەرانەی لە ڕۆژانە ژیان وڕۆتنی دنیای تازەدا تاڵە نهێنیەکانی سیحر و ڕێکەوت و ئافۆریسمی (حیکمەتی) ژیان دەدۆزێتەوە، پێموایە خەڵقکردنی سیحر لەنێو ڕۆتین ، دۆزینەوەی بەهەشتەکان لەنێو دنیا داخراوەکانی کۆمەڵگـەی پیشەسـاز و پۆسـت مۆدێـرن، ڕاوکردنی  سەدەیەکی ڕابوردو لەئێستایەکی نێزیکدا وکردنی بەئێستایەك جێ پەنجـەی خـۆی هەبێـت لە هەڵسوراندنی ژیان ، ئەمانەو زۆری دیکە،گەڕانەوەی ئەو فانتازیا وونبووەیە کە بەشێکی زۆر لەو بوونەوەرەی نێوی مرۆڤی کۆمەڵگەی مەدەنی و پیشەسازیە پێوەی  دەناڵێنین .

 ووشـکبوونەوەی مـرۆ لەنێـو کارکردن و ڕۆتیندا، وونبوونێتی لەنێو هیجرەتی خەون و یۆتۆبیاو گەڕان بەدووی مانایەکی دیکـەی ژیـاندا، نقوومـبوون لـە لەزەتـە کاتیەکان گەڕانەوەی مرۆیە بۆ دۆخێکی ڕووکەشی ژیان لەنێو فیگورێکی ئادەمی مۆدێـرندا لەشێـوە و سـەرەتایی و نامـرۆیی لەبیرکـردنەوەدا، سوسـتماتیکی لەمامەڵـەیدا ، وەك  دەستدان لەو کێشانە لەڕێـگەی بیـناکردنەوەی خەیاڵـە بـۆ ئـەو جۆرە ژیانە، زیندوکردنەوەی ناگریمانەکانە لەنێو گریمانە کانی لۆجیکدا، ئەمانە  بەشێکن  لەهێڵەکانی گێڕانەوەی خافێر ماریاس ..

مـن پێـم وایـە ماریـاس وەك نوسەرێـکی ئیسـپانی بەشێـکی زۆری میراتی بۆرخیسی لەیادەوەریی نووسینیدا هەڵگرتووە ولەسـەر ئـەو میراتیە زەوی  داهێنانی خۆی بەپیت دەکات ،بەلام لەپاڵ ئەم فانتازیا گەرمەش   بوونی فیگور و ڕووداوی ڕیاڵسـت تەوەریەکی گرنگی کارکردنی ئەوە ، بەمانای بوونی فیگۆرێك لەگەڵیدا بدوێن ، ئاڵوگۆڕ بکەین ، ڕابگۆڕینەوە و جوڵـەی هـاڕمۆنی خـۆی هەبێـت لەتێکسـتدا بـنەماکانی ئـەو فاناتـزیاو پارادجۆکسە سەیرانەن ماریاس لە چیرۆك و ڕۆمانەکانـیدا یاریـان پێـدەکات.  مـن پێـموایە  بوونی فیگوری بەرجەستە لەسەر حسابی خەیاڵێك کەزیاتر لە ووشەی هـیلاك و هەنـاسـە کورت دەچن کێشەیەکی دیکەی چیرۆکی کوردیە، بە ووشەیەکی دیکە لەچیرۆکی کوردی ئێستاکێدا فیگور ڕووداو  بوونێکی دەگمەنە!!.

بەسوود وەرگـتن لـەماریای دەتوانین بڵێن : لە پشت ئەم بەرجەستە بوونەوەی خافێر ماریاسەوە جارێکی دیکە گێڕانەوە، نابەرجەستە بوون و شەفافیەت وتێپەڕبوون بەنێو نێوەندە نادیارەکان لە پێچەکانی واقعیەتەوە خۆی شێوەباز دەکاتەوە، جارێکی دیکە واقعێکی دیکە دروست دەبێت کەتەواو جیاوازە لەواقعی یەکەم. بە مجۆرە تێکستەکانی ماریاس ئەو یاریە جوانـەن لەنێـوان بیـنراو نەبیـنراو وبـوون ونەبوون و ڕیاڵ و خەیاڵدا ، بەشێوەیەك نازانی کامەیان بوونی ئەوی دیکە دەسەلمێنی و کامەشیان ئەوی دیکە ڕەتدەکاتەوە..

لـە (سەفەری ئیسحاق) دا ئەو ووتوێژ وگێڕانەوەیە بەڕوونی، بەڕستەی کورت وچڕ و دروستبوونی مانا لەنێوان دێڕەکان و بیرکـردنەوە لەئەبەدیـەت دەخاتـە بـەردەم کێشەبەندیەکی فەلسەفیەوە ، ئەو کێشەبەندیەی دوور لەزمانی شیتەڵی فەلسـەفی لـە گێڕانەوەی ڕووداودا خۆی ووتوێژ دەکات ، ئیدی بەردەوامبوونی ڕابوورد و لەئێستادا، ئامادەبوونی وونبوون لە بوونێکی ژیاودا، درێژ بوونەوەی یادەورەیەکە هەرگیز نایەوێت وونبوون و پەرتبوونەوە بەخۆی ببەخشێ ..

لە بەرهەمەکانی خافێر ماریاس کەبەزۆر زمانی دنیا وەرگێڕاون :

١. کاتێك ژنان خەویان لێدەکەوێت– کۆمەڵ چیرۆك / چیرۆکی سەفەری ئیسحاق یەکێکە لەو چیرۆکانە.
٢. دڵم زۆر سپیە– ڕۆمان
٣. هەموو ڕۆحەکان –ڕۆمان
٤. بەیانی لەنێو جەرگەی شەڕدا منت لەبیربێت..–ڕۆمان
٥. کاتێك من دنیایی بووم ..–ڕۆمان

ئەمە وزۆر کورتە چیرۆك وبەرهەمی دیکە.

ئیسماعیل حەمەئەمین

نورنبێرگ / ئەڵەمانیا 05.06.2002

سەرچاوەی چیرۆکی (سەفەری ئیسحاق ) / کۆمەڵە چیرۆکی [ کاتێك ژنان خەویان لێدەکەوێت] / لەئیسپانیەوە ڕیناتا تسونیگ / دەزگای چاپی کتێبی گیرفانی ئەڵەمانی / میونشن ٢٠٠٠

Javier Maras, Wāhrend die Frauen schlafen, seite106-111m Deutsche Taschenbuch Verlag, Mnchen 1990.

سەرچاوەی دووەم کتێبی پیرۆز کتێبی پیرۆز / سفر التکوین / ئیسحاحی شازدە وحەڤدەهەم/ ÓÏÇÓáÇ ÍÇÍÕÃáÇ /

15 16 ... ÍÇÍÕÃáÇ ÚÈÇÓáÇ ÑÔÚ ١٥/ ١٦// ١٨/ ١٩/ ٢٠..